

# نیشتیمانم .. شالاَو علي

لەژێر باڵی ڕەشابەیەک
هەمووڕۆژێ دەگەمە لات
کاتێ کە(با) دەبێت بە ئەسپێکی یاخی و
باڵ دەگرێ
نیشتیمانم
لەناو شەپۆڵی دەریادا
هەموو شەوێ دەگەمەلات
کاتێ دەریا دەبێت بە تەمێکی سوورو
ئاسمان دەبڕێ ..
من و دەریا
من وتوڕەیی ڕەشەبا
لە ناو چاوی نیشتیمانم  لێمان دیارە
کاتێ بەفر سەرمای دەبێ
دەست وپەنجەی هەڵدەوەرێ
کاتێ ئاگر خۆی دەکوژێ و
خۆی دەخاتە ژێر سێبەری
خۆلەمێشی سووتاوی ڕێ
دارگوێزێکی نیشتیمانم
برینداروەو خوێنی لێ دێ
لەقەدوبالآی دیارە
وا پێ ناچێ هێندە بژی
ئەی ڕەشەبای توش وتوڕە
تۆ ئەو دەڤەرە دەناسی
دەپێم بلّی
کەی دار گوێزی نیشتیمانم
هێندە زوو ڕەگیان
دەسوتێ ..

**ئەی سیروانی تێنوو شکێن**
**ئێستا ئەتۆش**
**سەرچاوەکەت لە نێو لولەی تڤەنگدایە**
**بەم هاوینە ووشک و تارە**
**ئێستا هاتووم**
**من نامەوێ لە وەرزی گوڵ وشەونمدا**
**نێرگزی تازە بڕوێنم**
**من دەمەوێ قومێک ئاوی سیروانەکەم**
**وەکو باران**
**بەسەر کێڵگەی برسی و خەمی کوردستانم  ببارێنم ....**